کەرکووک پارێزگای (٨٢)ەمینی تورکیایە؟!

شوان تاڤینگ

ئێستا پرسی کەرکووک بۆتە ڕۆژەڤی گشتیی دەزگاکانی چاپەمەنی و سیاسەتمەدارانی تورکیا. لەسەر دۆسیەی کەرکووک دانیشتنی تایبەتی ساز دەکرێت و سیاسەتمەدارانی تورک بەهەناسەی سوارەوە گەف و لێدوانی هەڕەشەئامێزانە دەردەبڕن. پاش هەڕەشەکانی سەرۆک وەزیر ئەردۆگان لەبارەی کەرکووک و بەرسڤی توندی دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان، هەڵوێستی کاربەدەستانی دەوڵەتی ستاتۆپارێزی تورک بەپاڵپشتی و پراڤاکاسیۆن و هەڵمەتی چەواشەکارانەی میدیای ئەو وڵاتە بەرەو فۆبیا و هۆڤانەبوون دەچێت.

دوایین ڕووداوی سەرنجڕاکێشی پەیوەست بەم مژارە، لەسەر دەستی هەوادارانی پارتی یەکبوونی گەورە (BBP) بوو، کاتێک کامپێنێکی تایبەتیان لەسەر کەرکووک دەستپێکرد، کە تێیدا ئەندامانی پارتەکە لەکەمپێنی خۆیاندا کەرکووک-یان کردە (٨٢)ەمین شاری نێو ترافیکی تورکیا. هەروەک زانراویشە لەهەڵمەتێکی دیکەدا موسڵ بکەنە پارێزگای (٨٣)ی نێو جوگرافیای تورکیا.

ئەمە چەند ساڵێکە بەتایبەت پێش و پاش ڕووخانی ڕژێمی تۆتالیتاری بەعس، دەوڵەتی تورک هەموو کەد و خەباتی خۆی بۆ پاراستنی ستاتۆی شاری کەرکووک تەرخانکردووە. پێش هەڵایسانی ئۆپەراسیۆنی ڕزگارکردنی ئێراق، کەرکووک هێڵی سووری تورکان بوو، لەبەرئەوەش لەهەموو وتوێژ و دانوستانەکانیان لەگەڵ ئەمریکا مژاری کەرکووک و دەسکەوتەکانی باشووری کوردستانیان دەخستە ڕۆژەڤەوە.

دەوڵەتی تورکیا هەروەک چۆن هەبوونی خۆی لەسەر نەبوونی کوردان ئاواکردووە، بەهەمان شێوە تەواوی پەیوەندییە سیاسیی و ئابوورییەکانیشی لەسەر ئەو مژارە بونیادناوە. ئەوکاتەی ئەمریکا هەوڵی دەدا لەدژی ڕژێمی سەددام هاوپەیمانێتییەکی سیاسیی و سەربازی و لۆجستی پێکبێنێت، بەڵام مەرج و داخوازییە سەرەکییەکانی تورکان بۆ بەشداریکردن لەپرۆسەکە کەنارگیرکردن و لەقاندنی پۆزسیۆن و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی ئازاد بوو. بەڵام تورک ئەو خەونەیان چووە ژێر گڵ و کورد بەهەموو شێوەیەک لەشەڕی ئەمریکا دژی سەددام هاوکاریی کردەیی و لۆجستی ئەمرکیایان کرد.

بەڵام سەنتێزی قسە و باسەکان ئەوەیە، ئێستا تورکیا پتر لە ٢٥٠ هەزار سەربازی خۆی لەسەر سنوورە دەسکردەکانی نێوان باکوور و باشووری کوردستان مۆڵداوە و وەک شمشێرەکەی دێمۆکلس لەسەر سەری کوردستانی ئازاد ڕایگرتووە. گەرچی هەلومەرجی ناوچەکە و جیهان دەرفەت نادات کە ئارتەشی تورکیا لەشکرکێشی بکاتە نێو خاکی کوردستانەوە، وەلێ تورکیا هەمیشە وەک گورگێکی هار لەدەوروبەری دەسکەوتەکانی کورد دێت و دەچێ.

گەورەترین پەڵپ و بەهانەشیان بوونی چەکدارانی PKKیە لەچیاکانی کوردستان، وەلێ تورکیا جارێک بەپاساوی PKK، جارێک بەپاساوی تورکمانەکان و جارێکی دیکەش بەبیانووی کەرکووک گەف و هەڕەشەی دەستێوەردان بۆ نێو خاکی کوردستان دەکا. بەڵام مەرامی سەرەکیان ئەوەیە کورد لەهەر کوێ دەبن با هەبن، وەلێ دەبێت بێدەرەتان و بێدەسکەوت و بێ ئازادیی و بێ دەوڵەت بن. لەبەرئەوەی پێیانوایە ئەگەر کورد هەنگاوێک لەئازادیی نزیک ببێتەوە ئەوان دە هەنگاو لەمەرگی کۆمارە نەخۆشەکەیان نزیک دەبنەوە.

کەرکووکێک بەدرێژایی مێژوو ئەو هەموو گۆڕان و هەڵواسران و دەستێبردنەی بەخۆوە دیبێت، گوناهێکی گەورە دەکەین گەر دیسانەوە ڕێگا بدەین تووشی گەمەیەکی دیکەی سیاسیی ببینەوەو ڕەوشی ئەو شارە کوردستانییە لەمۆڵەقدا بێڵینەوە. بۆیە دەبێت چاوی هەموو کوردێکی دڵسۆز و جوامێر لەسەر کەرکووک بێت بۆ پوچەڵکردنەوەی پیلانی ناحەزانی ئەنتی کورد و لەبەریەکهەڵوەشاندنەوەی زەفەرپێبردنە پەنهانەکان. لەبەرئەوەی قەدەر و چارەنووسی ٤٠ ملیۆن کورد لەکەرکووک دیاری دەکرێت، چونکوو کەرکووک ئاوێنەیەکە بۆ هەریەک لەهەولێر و دیاربەکر و مەهاباد و عەفرین. بۆیە پێویستە پرسی کەرکووک ببێتە پرسی هەموو تاکێکی کوردستانی لەهەر کونجێکی دنیا بێت.